### ئەم کتێبەم خوێندەوە:

# شاری سلێمانی
# ململانێی گروپە کۆمەڵایەتییەکان: 1820-1920



**محەمەد حەمە باقی**

گەورەترین تەنگژە لە بەردەم نووسینەوەی لایەنە جیاجیاکانی مێژووی گەلی کورددا، نەبوونی سەرچاوەیە، سەرچاوەش بەواتای نەبوونی نووسەری کورد خۆی، واتە: نووسەری خۆماڵییە!. کە ئەم دیاردەیە بەتەنیاو لە سەرتاسەری خۆرهەڵاتی ناوەراستدا، هەر تایبەت بووە بەکوردو هەر کوردیش بەم شێوە سەمەرەیە ماوەتەوەو پێی وایە دەبێ گەریدەو لێکۆڵەرو سیاسەتمەداری بیانیی، هەموو کەرەسەو پێداویستیی و پلانی هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووریی و کۆمەلایەتیی و سیاسیی و..هتد، بۆ بنووسێتەوەو دەستەبەر بکەن!. ئەمەش بێگومان هەر لە ئەفسانەو میتۆدەکانی خەیاڵدا جێگەیان دەبێتەوە. کەچی زۆر لە نووسەرانی کورد، ئەم دیاردەیە بۆ ئەوە دەگەرێننەوە، کە کورد بەدرێژایی مێژوو، دەوڵەتی نەبووەو نەبوونی دەوڵەتیش وای کردووە زەمینەی لەبار، بۆ زۆر کاری گرنگ و لە ناویشاندا بۆ کاری نووسین نەرەخسابێ!. کە ئەم قسەیە چەند لە راستیشەوە نزیك بێ، بەلام راستییەکی لاوازە، یان ئەگەر بوێرم بڵێم: بیانوویەکی لاوازەو مانای خۆبەدەستەوەدانە بۆ هەلومەرجی سەپاو. چونکە ئەگەر کورد دەوڵەتی نەبووبێ، بەلام لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە، چەندین میرنشینی خۆی هەبووە، کە ئەم میرنشینانە، ئەگەر دەوڵەتیش نەبووبن، نیمچە دەوڵەت بوون و نەتەوە دراوسێکانی تری کوردستانیش، هەر لە رێگەو ژێر سێبەری ئەو میرنشین و نیمچە دەوڵەتانەوە، سەدان کتێبیان لە بارەی زمان و فەرهەنگ و مێژووی خۆیانەوە خستۆتە ناو کتێبخانەکانی دنیاوە(1). بەلام ئێمە، لە ماوەی نێوان ئەو (300-400) ساڵەی دەسەلاتی میرنشینەکانی کورددا، ژمارەی نووسەری کوردو بەرهەمەکانیان (واتە: ئەو بەرهەمانەی لە سەر بابەتێکی فەرهەنگی و مێژوویی کوردیان نووسیبێ)، لە ژمارەی پەنجەکانی تاقە دەستێك کەمترن!. لەبەرئەوە گەرانەوە بۆ لەسەر نووسینی هەر لایەنێکی ژیانی ئەو سەردەمەی گەلی کوردو قۆناغی دوای لە ناوچوونی ئەو میرنیشینانەش، دەبێتە ئەو کارە دژوارانەی رەنجی بێبرانەوەو خوێنی جگەریان دەوێ. چونکە لە یەکەمین پێویستی و کەرەسەی نووسینەوە، کە سەرچاوەو